www.kurdistannet.org
29-3-2006 17:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تکایەک لە حوکمەتی یەکگرتوی ئایندە... جەلال ڕەووف ئەمین

گومان لەوەدا نیە کە لەدوای ڕاپەڕینی (991) هەموو لایەنەکان و زوربەی هەرە زۆری بەرپرسەکانیش لە هەڵپەیەکی بەردەوامدا بون بۆ کۆکردنەوە و پێکەوەنان ئیتر لە کەرەستە ئاودیو کردنەوە بگرە تا ئەو گومرگە ڕەش و سپیانەی لە سنورەکاندا دادەنران، ئالەم بگرە و بەردە و ڕاکە ڕاکەیەدا هەڵپەکان هێندە چڕببونەوە گەیشتنە ئەو ئاستەی شەڕی ناوخۆیان پێک هێنا، مەبەستمە ئەوە بڵێم لە سەرەتای ڕاوڕووتەوە بەرپرسەکان زۆر بیزی بون تەنها چاویان ئەو کەسانەی دەبینی کە وەک خۆیان بون یان لە خۆیان زۆرزان تر بون لەو بوارەدا کە ئەوانیش کۆنە جاش و ئەنفالچیەکان بون جگە لەمانە خەڵکانی تر بە کادری ناوەندو پێشمەرگەی دێرینیشەوە پەراوێز دەخران، کاتێک کە دەکرا لەدوای هەوڵدانێکی زۆر بەرپرسێک ببینی و داوای سەرەتای ترین مافی خۆتت لێ دەکرد بە ڕوتا هەڵئەشاخا و ئەیوت ئێمە خەریکی چین و تۆ چی داوا دەکەیت بابە داواکاریەکی گشتی بکەن و واز لە داوای تایبەتی بێنن، لە کاتی هاتنە دەرەوەدا ئەتاسای کات بوە بە خۆم وتوە ئەوان بەردەوام بە خەڵکەوە خەریکن و من هەر بە خۆمەوە بەڵام کە ئاسای دەبومەوە دەمزانی کە ئەو بەو قسەیە لە کۆڵ خۆی کردومەتەوە تا لە بیبەو بێنەکەی دوا نەکەوێت، لێرەوە تکاکەم لە حوکمەتی یەکگرتوی ئایندە ئەوەیە کە ئەو خووە نەگریسەی لە سەردەمی ڕاوو ڕوتەوە ماوەتەوە نەکەنە سیستەمی کار پێکردن لە پشتگوێ خستنی تاک بە بیانوی بایەخدان بە کۆمەڵگا، داواکاریە ڕەواکان ئەگەر هی تاک بن یان گشتی دەبێ لە بەرچاو بگیرێن و وەڵام دانەوەشیان هەبێت، بە تایبەت ڕوی دەمم لە کاک نێچیروان دەکەم و بەو دەڵێم لە ساڵی (2001) دا هاتیتە لەندەن برادەرە پارتیەکانم ئەیانویست بە خزمەتت بگەن و بتبینن لە ڕێگەی بەیان خانەوە ئاگادار کران کە تکایە کەس داوای تایبەتی نەکات، منیش ساڵانی پێش ئەو ساڵەم وە بیر هاتەوە کاتێک کە پارتی بوم بۆیە دەڵێم بەڕێزم ئەو سیستەمی دژە تاکە کە چەندین پێشمەرگەی وەک سابیری ئەڵا کەرەمی پێ شەهید کراو چەندین کەسانی تری پێ گۆشەگیر و پەراگەندە کرا لەگەڵ خۆت مەیهێنەرە ناو حوکمەتە یەکگرتوەکەی ئایندەوە تکایە، ئێوە ئەرکی خۆتانە لەگەڵ هەرکۆمەڵە و سەندیکا و توێژێکدا باس لە ماف و ئەرکە گشتیەکان بکەن و بۆ هەر تاکێکیش ڕەوایە کە بە بەڵگەوە مافی خۆی بسەلمێنێت و داوای بکات، کاتی ئەوەش هاتوە کە ئەم حوکمەتە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان بێت بێ گوێدانە یەکێتی بون و پارتی بون ئەرک و مافەکان لە بەرچاو بگیرێت.

2006-3-29 بەریتانیا